# پانۆڕامای عاشقی وشەی هەق

دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین
هەولێر ٢٠٠٤/٣/٨

## دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، ڕەمزی شانازی کوردە

## – بەشی دووەم –

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: بەعسیەکان و جاش خەفیفە و جەیشی شەعبی و ئەمن و پۆلیس و ئیستخبارات و بە کرێگیراوانی هەموو دەزگا تۆقێنەرەکانی سەدامی دیکتاتۆر ، دژی ئەو دەستکەوتانەن ، کورد بە خوێنی هەزاران شەهید لە سایەی شۆڕش و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا هێناویەتە دی..بۆ ئەوانی دوژمنی ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان ئاساییە ، بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا رەسمیکانی بڵێین: شەرعی نین و کارتۆنین ..ئەی باشە تۆ لە پای چی ناشەرعیەتی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر رائەگەیێنیت و قوتابیەکەشت بە دادگایەکی کارتۆنی ، ناوزەدە ئەکات؟.ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی: دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێری سەر بە وەزارەتی دادگای حکومەتی هەرێمی کوردستان: بۆ ئەو بوختانەی هەڵتبەستووە و بێ بەڵگە و هیچ بنەمایەکی راستی بۆت دروست کردووم ، ئەو دادگایەی بەپێی بڕیاری بڕگەی (قانون العقوبات) وەك کوردێك (ئینتمای نەتەوەیی)ت بە کوردستانی عیراقەوە مابێت، لەبەردەمیدا ئامادەبێت. کەچی تۆ لەبریتی ڕێز لە دادگرتن ، حاشا لە ئینتمای کوردستانیت ئەکەیت. تۆ سووکایەتی بەو دادگایە ئەکەیت ، ئەو دادگایەی رەمزی شانازی کوردە ،وەلێ تۆ بە چاوی سووکەوە تەماشای ئەو دەستکەوتە پیرۆزەی کورد ئەکەیت و ئەڵێیت: (خۆ گەر خۆم لە راگەیاندنەکەتان نەبان بکەم و ئێوەش بە هۆی پۆلیسی نێو دەوڵەتییەوە ، کە ئەستەمە گوێ بۆ قسەتان رادێرێت ، چونکە متمانەی پێتان نییە) [1] .

باشە چۆنت زانی متمانەیان پێی نییە؟..ئاخۆ تۆ لەم ڕووە هیچ هەوڵێکت نەداوە؟.هەروەها لە شوێنێکی دی هەمان نووسینتا ئەڵێیت: (من بۆ بەردەمی دادگایەك دێمەوە ئازاد و سەربەخۆبێت ، نەك کۆیلەی حزبی دەسەڵاتدار) [2] .

ئەشێت ، تا ئێستا لە سوید بەم شێوەیە ، خەباتت بۆ ناساندن و شەرعیەتی قەزییەی کوردکردبێت؟. دیارە هەر بەهەمان جۆریش (ساڵانێکە لە پێناو داد سەروەریدا خەبات ئەکەیت)؟...بۆیە ئەڵێیت: (ئەو یاسایەی ئێوە نیازتان هەیە منی پێ دادگا بکەن ، ساڵی ١٩٧١ بەعس بۆ دەمکوتکردنی هەقبێژان دایڕشتووە........پێم سەیرە پێتان وایە ، بەپێی خۆم دێمەوە بۆ سایەی هەمان چەقۆ..........من نەك هەر دژی دەسەڵاتی دادنیم ،بەڵکو ساڵانێکە لە پێناوی دادسەروەریدا خەبات دەکەم ، وەلێ جێی داخە ئێوە نوێنەری داد نین) [3] .

من تەنیا ڕوو لە خۆت ئەکەم و هەر خۆشت بە دادوەر دائەنێم: ئەو بڕیارە ناهەموارەت هەڵەشەیی و پەلەی پێوە دیارنییە؟. یان ئەو هەڵوێستەت لەگەڵ هەڵوێستی کام دوژمنانی کوردا یەکئەگرێتەوە؟.

پێم سەیرە ، ئاوا نوێنەرایەتی کوردت لە دەرەوەی وڵات کردووە؟.. خزمەت بە دۆزی کورد ئاوا ئەبێت؟..خۆ تۆ بەو دژایەتیکردنەوە ، ناوەستیت و وەك بڵێیت: نوێنەری دادگای دادی نێو دەوڵەتیشیت ، فەرمایشت دەرئەکەیت و ئەڵێیت: (ئەو دادگایەی ئێوە نەك هەر تەنیا لە ڕووی نێو دەوڵەتیەوە ، لە هیچ ڕوویەکەوە شەرعی نییە) [4] .

تۆی سویدی ئەبێت لە حوکمەکەی باشتر بزانیت: لە هەموو دونیادا ، دادگا ، نیشانەیەکی درەوشــەداری شارستانییەتەو لە هەر وڵاتێکدا پەیرەوی یاسا بکرێت بڕوابوون بە ئازادی و مافی مرۆڤ دەرئەخات.......هـێرش بۆ سەر دادگای کوردستان...،هەوڵدانە بۆ ئــەوەی کیـانی سیاسـی و سـەربەخۆیی کـوردی لـە رەگ و ریشـە هەڵتەکێنرێت ،مامۆستا حەمەسەعید حەسەن لە پـای چـی هـێرش بـۆ سـەر دادوەر ئەبـەیت و نـاوی ئـەزرێنیت ئەڵێت:( ئەو(دادیـــارە)ی پێڕاگەیاندنەکـەی مۆرکـردووە ، ئەگـەر لـە ژێـر گوشـاردا یـان بـە دەمچـەورکردن نەیکردبێت ، هیچ دوور نییە ، سەردەمی بەعس ، هاوپۆشاکی (دادخواز) بووبێت) [٥] .

ئەم تاوانبارکردنەشت ، بیٚ بەڵگە و تەنیا بە خەیاڵــە و ئەچێتـە نـاو خانـەی پێشـێلکردنی مـافی مرۆڤـەوە ...سەیر لەوەدایە ، نەك مامۆستا حەمەسەعید حەسەن بەڵکو بـەرێز ئـازاد موحەمـەدی قوتابیشـی ئابـەم شـێوەیە سووکایەتی بە دادگای کوردستان ئەکات و بە دادگایەکی کارتۆنی نـاوی ئـەبات:( لەبـەردەم سـەکۆی دادگـا کارتۆنیەکەتاندا ئامادە دەبین) [٦] .

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: تۆ و قوتابیکانت بەو دڵڕەشیەوە ، تەماشای یاسا و عەدالـەت وشەرعیەتی دادگـای لێکۆڵینەوەی هەولێری سەر بە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەن ، کە پەرلـەمانی کوردسـتان بڕوا و متەمانەی بە پیادەکردنی بڕگە یاسـاییەکانی داوە. ئێـوە بـەو هەڵوێسـتە چەوتـەتان ، هەسـتی خانـەوادەی شەهیدان و تێکۆشەرانی مللـەتەکەمان بریندار ئەکەن و بەو هەڵوێستەتان لە مێژووا پـەڕەی رابوردویـەکی رەش بۆخۆتان تۆمارئەکەن.

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن: ئەو مادەیەی تۆی پێدادگا ئەکرێت لە (قانون العقوبات) دایـە ولـە هـەموو دونیادا چۆن یەکە و پەیوەندی بە بیروڕای سیاسـی و هەڵوێسـتی نیشـتمانی و گیـانی بـەرخۆدانی شـۆڕگێریەوە نییە...تۆ لـەسەر خەباتی پێشمەرگایەتی تۆمەتبار نەکراویت ، تا لە یاسا و داد یاخی بیت و خۆتی پێوە بـابدەیت ، تۆ لـەسەر سووکایەتی پێکردن و جنێودان و بوختان دروستکردن و تاوان هەڵبەستن راپێچی دادگـا ئـەکرێت... گەر لەم دەرفەتە سوود وەرگریـت و دان بـە هەڵـەی خۆتـا بنێیـت و لـەو بوختانـە پەشـیمان بیتـەوە و داوای لێبوردنیش بکەیت ، کە بە لای منەوە گەورەییە ، ئەوا باشە ، دەنا دادگا بڕیـاری خـۆی ئـەدات و لـە رێگـای پۆلیسی ئەنتەرپۆڵ و رێکخراوە ئەدەبی و رۆشنبیرەکانی کورد و بێگانـە و نوێنەرایـەتی پەنابـەران لـە حکومـەتی سوید ئاگادار ئەکرێتەوە...کە ملکەچی جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا بیت ، دەنا: لەبەردەم یاسا و داد و دادگادا بە هەڵاتوو دائەنرێت.

چاوەڕوانی بەشی سێیەم بکە

پەراوێزەکان

(١،٢،٣،٤،٥)-کوردستان نێت ٢٠٠٤/٣/٦

(٦ ) – ک و ردستان نێت ٢٠٠٤/٣/٨

****************

www.kurdistannet.org